بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ٢٠٠٩**

بە پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەمی) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە ئاسایی ژمارە (١٣) لە٢٠٠٩/٥/١٣ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٩

**یەکەم :** بەدەر لە حوکمی ماددەی سێیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە ٢٠٠٩/٦/١٢ کۆتایی پێدێت ، درێژ دەکرێتەوە تاکو هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ هەرێم و دەست بەکاربوونی .

**دووەم :** کار بە هیچ بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**سێیەم :** لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**چوارەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکـــرێ و لە ڕۆژنـــامەی فەرمـــی ( وەقایعی کوردستان ) دا بلأودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانـــی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

٢٧/ گوڵان/ ٢٧٠٩ ی کوردی
٢٢ / جمادی الاول / ١٤٣٠ ی کۆچی
١٧/مـایس /٢٠٠٩ ی زایینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM